بەڕێز حەکیم.. بودجەی داهاتوو بابەتی پێشخستنی بارودۆخی کشتوکاڵی لە بەرچاو گرتوە

لەمیانەی سەردانەکەی بۆ پارێزگای واسیت لە ڕۆژی پێنجشەممە بەرواری 23-2-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی لە ناوچەی ئەلمزاگ لە میوانخانەی شێخ هەسیەم سەعید عیناد ئەلفزیح ئەلعابدی چاوی بە کۆمەڵك پیاوماقووڵ و کەسایەتییە دیارەکانی هەزێکانی پارێزگای واسیت کەوت، لەم دیدارە بەڕێز حەکیم پیرۆزبایی یادی لەدایکبوونی ئیمامەکانی ئەهلی بەیت (سڵاویان لێبێت) لێکردن و ڕوونیکردەوە کە ئیسلام و ناسنامەی ئیسلامی لە عێراق بەهۆی مەرجەعیەی ئایینی و دروشمە حوسێنیەکان و هەزێکانی عێراق بە پارێزراوی ماوتەوە، گوتیشی ئەو پێوەندییە لەنێو ئەو ناونیشانانە تەواوکەری یەکە.

سەماحەتی ئاماژەی کرد کە عێراق لە ئاستەنگ و کێشەی مەترسیدار ڕزگاری بووە و ئێستاش لە قۆناغی سەقامگیری نزیك دەبێتەوە، ڕوونیشکردەوە کە بنەماکانی سەرکەوتنی حکومەت سەقامگیری ئەمنی و سیاسی و هاوسەنگی کەمەلایەتی وباشی باری دارایی و خوێندنەوەی گونجاوی ئەرێنییە لە ڕووی نەودەوڵەتیەوە، هەروەها داوای کرد بایەخ بە کەرتی کشتوکاڵی و جوتیاران بدرێت و گوتیشی کە لە بودجەی داهاتوو بابەتی چالاك کردنی باری کشتوکاڵی بەهێند وەرگیراوە.